# لەسەر كۆلۆمبيا

## نووام چۆمسكی

**ناساندنێک بۆ دۆوگ ستۆكس ، شەڕێكی تری ئەمێریكا ، تۆقاندنی كۆلۆمبيا**

**ئەم وتارەی نووام چۆمسكی ، فەیلەسووف و زاناو سیاسیی ، گرنگییەكەی لەوەدایە كە مەعریفەیەكی سیاسیی ئێجگار زۆری تیادایە، بەشێک لە باسەكە پەیوەندی بەتوركیاو گەلی كورد و ئەمێریكاوە هەیە ، بۆیە بەگرنگمان زانیی لەزمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕین بۆ كوردیی،جگە لە گرنگی سەرجەم باسەكەش لەسەر شەڕو تێرۆر.**

**وەرگێڕانی بۆ كوردیی : خەتاب سابیر**

**بژاركردن و پێداچوونەوەی : ڕەوەند ڕەفیق**

**سەرچاوەی وتار : وێب پەیجی نوام چۆمسكی – بەشی وتارەكان**

http://www.chomsky.info/articles/200412- .htm

**كە دەنووسم ، سەرنجێكی ڕێكوپێكم هەر ئێستا بەدەست گەیشت لە یەسوعییەكەوە كە داكۆكیكارێكی مافی مرۆڤە جەستییسیا وای پاز لە بۆگۆتا ، كە سەرپەرشتی دەكرێ لەلایەن قەشەیەكی ئازاوە بەناوی باوكە جاڤییەر گیرالدۆ ، یەكێک لە پێشەواكانی مافی مرۆڤ لە كۆلۆمبیا، لەئەوپەڕی سەركێشیدا. ئەو تێبینییە ڕیپۆرتی تێرۆركردنی كەسێكی چالاكی بواری مافی مرۆڤ بوو لە ئەفرۆكۆلۆمبیا بەناوی یۆلاندا سیرۆن دێلگادۆ ، لەكاتێكدا ئەم خاتوونە ئۆفیسی پاسترۆڵی كۆمەڵایەتیی كە بەتەنیشت بنكەی پۆلیسەوە بوو بەجێدەهێشت . جەستیكا وای پاز وا ڕیپۆرت دەدا كە ئەم ئۆپەراسیۆنی تێرۆركردنە كارێكی دەست تێكەوڵاكردنی لەپشتەوەیە لەنێوان هێزەكانی ئاسایشی دەوڵەت و پۆلیسدا ، بەداخەوە كە ڕووداوەكە دەنگیی نەدایەوە.**

**چەند هەفتەیەک پێشتر چەندین ڕووداوی نائاسایی تر بوو سەبارەت بە كەمتەرخەمیی لە بەرپرسیارییەتیی . ئۆفیسی دادی گشتی كۆلۆمبیا ڕیپۆرتی دا كە سوپا درۆی كردووە ،كاتێک كوشتنی سێ سەركردەی سەندیكایی ڕاگەیاند بەوەی كە یاخیبووە ماركسییەكان بوونەو لەشەڕی دەستەویەخەدا كوژراون. لەڕاستیدا لەلایەن سوپاوە بەئەنقەست تێرۆركران. لە ستوونی چاودێریی لە ڕۆژنامەی زە نیویۆرک تایمزدا هاتووە ، كۆلۆمبیا سامناكترین وڵاتی دنیایە بۆ ئەندامە سەندیكاییەكان ، 94 كوژراو ساڵی ڕابردوو ، 48 كوژراوی تر تا ئۆگۆستی ئەمساڵ ، زۆربەیان تێرۆركراون لەلایەن باڵی ڕاستی سەركردە سەربازییەكانەوە كە پەیوەندی ژێربەژێری هەیە لەگەڵ یەكەكانی سوپای ڕۆگوودا. " وشەی ڕۆگوو وەرگێڕدراوە ، وێناكردن نییە ".**

**لە ساڵی 2003 دا، تۆماركرا كە 123 كەس لە سەركردە سەندیكاییەكان لەسەرانسەری دنیادا تێرۆركراون . سێ لەسەرچواری ئەو ژمارەیە لە كۆلۆمبیادا بووە. ئەم ڕێژەیە بۆ ماوەیەكی زۆر لەبەرچاودەگیرا ،نەک تەنیا ئەوەی كە كۆلۆمبیا مەترسیدارترین جێگەیە بۆ سەركردە كرێكارییەكان**

له هەر شوێنێکی تر( بە پێی ئەو ئامارانەی هەن ) ،بەڵکو لەهەموو دنیا زیاتر خەتەرناکترە . ئەگەر ساڵێکی تر بێنی لەسەر مافی مرۆڤ لە 10 ی دێسەمبەری 2002 ، کۆنفیدراسیۆنی نێونەتەوەیی سەندیکای بازرگانیی ئازاد ڕیپۆرتاژیی ساڵانەی خۆی ئاشکرا کرد ، کە ڕیپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە 150 ئەندامی سەندیکای بارزرگانیی کوژراون. دواهەمین ڕێژەش بۆ ساڵی 2002 بەپێی ڕیپۆرتی ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالیستی کرێکاریی لە ساڵی 2003 ئامارکراوەتەوە گەیشتە 184 کەسی کوژراو لە کۆلۆمبیادا . 85% ی کوژراوی کرێکارە سەندیکاییەکان لە گشت جیهاندا،ئەم ڕێژەیەش هاوشێوەی ئەم ساڵانەیە.

ئەم تێرۆرانە دابەشکراوە لەنێوان هێزەکاندا، لە پاشکۆی هێزە سەربازییەکانەوە بگرە تا هێزەکانی ئاسایش ، ئەو کەمە جیاوازییەی هەیە لەبەراوردکردنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیومان ڕایتس وۆچ ( چاودێریی مافی مرۆڤ ) دەیگێڕێتەوە بۆ فیرقەی شەشی سوپای کۆلۆمبیا بەهاوکاری فیرقەی پێنج ، هەروەکو لێبوردنی نێونەتەوەیی ( ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ) و هیومان ڕایتس وۆچ و چەند ڕێکخراوێکی تری مافی مرۆڤ بەدەستیانەوە داوە و دۆکیومێنتیان کردووە .

تێرۆری سیاسیی لە کۆلۆمبیا ، کە دووچاری بەشێکی سەندیکاییە چالاکەکان دەبێتەوە بەوپەڕی دڕندەییەوە ئەنجام دەدرێ ، سەندیکاکان داوای کۆتایی هاتنی ئەم بێ بەزەییە دەکەن ، داوای ڕاگرتنی یارمەتی سەربازیی ئەمێرکیی دەکەن بۆ کۆلۆمبیا کە تادێت مەچەکیان توندتر دەگووشن، لەکاتێکدا یارمەتیی ئەمێریکییەکان بەشێوەیەکی زۆر فوارە دەکات بە بیانووی ئەوەی کە سەرچاوەی سەریەشەو قەڵسیی هەیە بۆ ئەمێریکا .

ئەوەی دەمێنێتەوە کە دەبێ ببینرێ ئایا ئیلتیزاماتی سەربازیی سێپتەمبەری 2004 لەسەر تێرۆریی سەربازیی هیچ هەنگاوێک دەنێت ؟ ئایا ڕابردوو دەخەنە پشت سەریانەوە ؟ بەڵام دیارە هیچ ڕووناداک لە پشت ئاستە نزمەکانەوە. سەرەڕای ئەوەش بەلگە بۆ بەرپرسێکی گەورەی سەربازیی و سیڤیلێک بەبەرپرسیاریەتییەوە وەکو یەک دیاریکراوە . لەچەندین بۆنەدا کە ژمارەیەک قەسابخانە خولقێنراوە ، ئێستا کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە ، گرنگترینیان قەسابخانەکەی تروجیلۆ بوو لەساڵی 1990 ، کە نزیکەی 60 کەس لە ئۆپەراسیۆنێکی دڕندانەی سەربازیدا کوژران، دواتریش لاشەکانیان بە مشار کەرتوپارچە کران . بەپێی ڕەشنووسەکەی جەستیکا وای پاز بێت ، حکومەتی سامپەر ڕازی بوو بەوەی لێکۆڵەرەوەی بێ لایەن بەشداریی بکات ، دواتر ڕیپۆرتاژێک هاتە ناو میدیاوە کە زۆر شۆک و جەرگبڕ بوو ، ئەویش ئەوەیە کە فەرماندەی کردەوە سەربازییەکە مەیجەر ( ئالیریۆ ئۆروونا ) بووە، دەساڵ دواتریش باوکە گیرالدۆ ڕیپۆرت دەدا کە هیچ نەکراوە ، هیچ کەسێ لەتاوانباران دەستیان بۆ نەبراوە ، بەدەرلەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر کەس لەکەسوکاری قوربانییەکان هاتوونەتە پێشەوە ، کەچیی یارمەتییە ئەمێریکییەکان نەک هەر بەردەوام بوو بەڵکو زۆر لەجاران زیاتریشی کردبوو .

لەکاتی قەسابخانەکەی تروجیلۆ ، کۆلۆمبیا خراپترین ڕێکوردی هەبوو لەبواری مافی مرۆڤدا لەنیوە ی گۆی زەویدا. ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە دڕندایەتیی لە کۆلۆمبیادا بەتەواوی ڕوو لەسەرە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە دڕندایەتی لەلایەن ئێل سلاڤادۆر و پیاوەکانی ئەمێریکاوە ڕوو لەکزییە ، بۆیە

کۆلۆمبیا بووە پێشڕەوی  گرتنەخۆی یارمەتی سەربازیی ئەمێریکییەکان لەهەموو جیهاندا، هاوکاتیش هەوڵدان بۆ جێخستنەوەی ئێل سلاڤادۆر . لەساڵی 1999 دا کۆلۆمبیا بووە یەکێک لە وڵاتە هەرە لەپێشەکان بۆ وەرگرتنی یارمەتی سەربازیی لە سەرانسەری دنیادا، ( جگە لە ئیسرائیل و میسر نەبێ- (هەمیشە باربۆیەکی - کاتاگۆرییەکی - جیاوازن ئەم دووانە) ، جێگای بەتورکیاش لێژ کرد، نەک لەبەر ئەوەی دڕندایەتی لە کۆلۆمبیادا زیادیکردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی دڕندایەتی لەتورکیادا لەچاو پێشوودا کەمتربووەتەوە .

لەساڵی 1990 ەوە تورکیا  دژە هێرشێکی دڕندانەی بەربڵاوی دەستپێکرد بۆ سەر گەلی کورد ، کە بووە هۆی ئەوەی دەیان هەزار کەس بکوژرێن ،میلیۆنان کەسیش ئاوارە بوون پاش وێرانکردنی گووندەکانیان و ڕوویان لە باڵەخانە وێرانەکانی ئیستەنبووڵ کرد لە هەژارترین گەڕەکەکانی ئەوشارەدا، لە ئەشکەوتەکاندا ، لە نێوان دیوارەکانی دیاربەکردا کە بەپایتەختی کوردستان دەناسرێ گیرسانەوە ، دڕندایەتییەکانی سوپای تورک هاوزەمان بەڕێوە دەچوو بە ئەشکەنجەدانێکی زۆر توندوتیژەوە دژی کوردەکان هاوپێچ بوو ، سووتماککردنی زەوی وزاری کشتوکاڵیی و دارستانەکان، وەکو یەکێک لە بەربەریترین تاوان کە بەخەیاڵیشدا نایات ، چەک وتفاقی جەنگیی لە ئەمێریکاوە بۆ تورکیا هەڵدەڕێژرا بە ئەندازەی  نزیک بە 80% ی هەموو جبەخانەی سوپای تورک . لە تەنها ساڵێکدا و بەدیاریکراویش ساڵی 1997 ، کلینتۆن زۆرترین چەکی دا بەتورکیا کە لە کەڵەکەبووی هەموو ئەو چەکانە زیاتربوو لەسەرتاپای جەنگی ساردا ڕەوانەکرا، تا سەرەتای کەمپەینی دژەهێرشی ( counterinsurgency ) دەوڵەتی تورکیا دژ بەکوردەکان. لەساڵی 1999دا کەمپەینەکەی تورکیا ئامانجەکانی بۆسەرکوتکردنی کورد جێکەوتە بوو ، بۆیە کۆلۆمبیا لەیارمەتیی وەرگرتندا جێگەی یەکەمی بەتورکیا لەقکرد. بەم پێیە کۆلۆمبیا ئەو جێگایەیەی بۆ خۆی تەرخانکرد کە گەورەترین کاتاسترۆفی ( کارەساتی ) مرۆڤایەتی لە نیمچە گۆی ڕۆژئاوای زەویدا  بەڕێوە چووە تیایدا " هەروەکو جێگری سکرتێری یوئێن بۆ کاروباری مرۆڤایەتی جان ئێگەلاند باسیکرد لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە نیویۆرک لە مەی 2004 دا.

تا ئێستا هیچ سەرەتایەکی دیاریکراو نییە لەسەر پەیوەندیی  نێوان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمێریکا ، بەپێچەوانە جۆرە گونجان و بەسەریەکەوە هەبوونێکیان هەیە . لارس سکۆوڵتز ، وەکو تایبەتمەندکارێک لە بواری ئەکادیمیی مافی مرۆڤدابۆ ئەمێریکای لاتین ئەوەی پەی پێبرد کە لەساڵی 1981 دا یارمەتییەکانی ئەمێریکا بەلێشاو و ناهارمۆنیی  هەڵدەڕێژرا بەسەر حکومەتەکانی ئەوێدا کە گەلەکانی خۆیان دەچەوساندەوە ، کە وێنەیان زۆرکەمە لەدنیادا بۆ پێشێلکردنی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ " لەوانە چەک و تەقەمەنی ، پێداویستییە تایبەتەکان بە درێژایی ڕۆژگاری کارتەریش " .

لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی تردا مارسا هەگینسی ئەمێریکای لاتینیی بەوداتایانەدا چووەوە  بۆ ئەمێریکای لاتین پێشنیازکرابوو ، لەوانە زۆرترین یارمەتییە دەرەکییەکان  لە ئاستی پاترۆڵدا لە ئەمێریکاوە بووە، هەروەها سەرکوتکارترین ڕژێمی سیاسیی ونادیموکراتیی و ئینستیوتەکانیان هەر لەلایەن ئەمێریکاوە بووە. ئێدوارد هێرمانی ئیکۆنۆمیستیش هەمان پاشخانی پەیوەندی دەستنیشانکرد

لە نێوان یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمێریکاو ولاٌتانی سەرکوتگەردا لەسەرانسەری جیهاندا. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تریشی لەئەستۆ گرت، هاوپێچ لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی پڕ متمانەدا ،ئەویش ئەوەیە کە یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمێریکا هاوتەریبە لەگەڵ سەلماندنی ئۆپەراسیۆنی هەلومەرجی بازرگانیدا، بەم پێیە بیزنیس (کڕین و فرۆشتن ) و هەلومەرجی گەشەکردنی سەرمایەو سەرمایەگوزاریی و بەگەڕخستنی قازانج و ئۆپەراسیۆنە جیاوازەکانی تری بیزنیس بەوە گرەوی خۆیان بردەوەو پێشڕەوییان کرد ، چونکە کوشتنی سەندیکاییەکان ، ئەشکەنجەدانی جووتیارەکان و سەرەونگوومکردنیان ، تێرۆرکردنی قەشەکان و ئەوانەی لەبواری مافی مرۆڤدا چالاکن، زۆر تێکهەڵکێشە لەگەڵ جێگەوتەبوونی بیزنیسدا. بەم شێوەیە دووەمین هاوپەیوەندیی بوون لە نێوان یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمێریکا و پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا بەدی دەکرێت.

لەم پێودانگەوە لێکۆڵینەوەیەکی هاوچەشنی تر نییە بەپێ نۆلێجم ( زانیاریی _ knowledge ) ،بۆی هەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە ئەنجامگیرییەکان زۆر ڕۆشنن لەڕووی نزیک بوون لەڕاستیی و دروستیی بۆچوونەکان.

کڵێسە کاسۆلیکییەکانی ئەمێریکای لاتین بووبوون بەنیشانەی تایبەت بۆ تێرۆرکردن ، لەکاتێکدا قەشەکان و پیاوانی ئاییینی بەرنامەی باشترکردنی ژیانی هەژارانیان بەرنامەڕێژ دەکرد، لە شەستەکان و حەفتاکاندا،قەشەکان ، ڕاهیبەکان ( nuns ) و کرێکارە ئاییینییەکان دەستیانکرد بە دامەزراندنی بنکەی کۆمیونیتییەکان لەکاتێکدا کە جووتیارەکان ئینجیل دەخوێننەوە ، فێری ئەوە دەبن لەوانەکانەوە کە چۆن ماڤی مرۆڤ بپارێزن، لەمەش خراپتر فێری ئەوە دەبوون کە چۆن داکۆکیی لەمافی مرۆڤ بکەن، سامناکترین ( horrendous ) دەیە، دەیەی ڕێگان ( Reagan ) بوو ، لە ئەمێریکا یاد دەکرێتەوە بەویقار و ترسەوە .

بەبیرهێنانەوەی ئەوە سەرەڕای جیاوازییەکانی لە سەر ئەرزی واقیع کاتێ دەسەڵاتی ئەو شەڕی لە دژی تێرۆر ڕاگەیاند لەساڵی 1988 دا . ئیل سلڤادۆر بۆ نموونە دەیەیەک لەچوارچێوەی تێرۆرکردندا گەوزابوو لە مارتی 1980 ەوە کاهین ( archbishop ) بووبوو بە بلندگۆی ئەوانەی کەدەنگیان بەهیچ شوێنێ ناگەیشت ، هەروەها کوشتنی شەش کەسی تر کە خاوەنی عەقڵی زیرەکیی بوون لە ئەمریکای لاتین ، قەشە یەسووعییەکان ...هتد لە نۆڤەمبەری 1989 دا . هەموو ئەم کوشتوبڕانە لەلایەن هێزی چەکداری ئیلیتەوە دەکران ، کە مەشقیان لەلایەن ئەمێریکییەکانەوە پێ دەکرا و چەندین دادگای خوێناویی و هەڵواسینیان ئەنجامدا . ئەوەی کە ئێستا ناونراوەتەوە قوتابخانەی ئەمێریکایی ، کە ئۆفیسەرە دەست سوورەکانی بەخوێنی گەلانیان باردەهێناو ئەوانەی گۆڕی بەکۆمەڵیان ئەنجام دەدا بەڕێزەوە پەروەردە دەکران بۆ تێکشکاندنی لاهووتی ( theology ) ی ئازادیخواز . یەکێک لەو خاڵانەی کە قسەی زۆری لەسەردەکرا و لە شوێنە گشتییەکاندا باسدەکرا وەکو بەرزکردنەوەی سوو لە ڕۆژئاوادا ، ئەوەش لەوپەڕی ترسدا بەوە دەناسرایەوە کە تایبەتە بەکەسانی پسپۆر و جوڵانەوەی هاوپشتیی،دیارە بەرپەرچدانەوەی ئەم کارە کەمێک جیاوازتر دەبێ ،بەمەرجێ لەدوورەوە وەکو یەک وابن و ڕیزی دوژمنە فەرمییەکان بەهێزتر بکەن .

بناغە سەرەکییەکانی وڵاتی تۆقاندن ( state terror ) ڕوونکرایەوە لەلایەن سکۆوڵتزەوە کە خوێندکارێکی لاهووتیی بوو کاری دەکرد لەسەر مافی مرۆڤ لە ئەمێریکای لاتین لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمێریکادا. ئەو دەیگێڕایەوە بۆ نیۆنازی " ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان " کە سەپێنرابوو، هاوکات لەلایەن ئەمێریکاشەوە پاڵپشت دەکرا لەساڵی 1960 ەوە . سکۆوڵتز ئەوەی دەرخست کە ئامانجی وڵاتی تێرۆر ئەوە بوو " بۆ تێکشکاندنی هەمیشەیی ئەو هەستە بوو کە هەڕەشە بوو بۆ بنیاتنانی ستراکتۆرێکی بەرجەستەی سۆسیۆئیکۆنۆمیک ( socioeconomic ) ، ئەمەش بە بەرکەنارخستنی بەشداری هەمەلایەن و سیاسییانەی زۆرترین ڕێژە لە زۆرایەتی خەڵک کە بە چینە میللیەکان دەناسران . هەموو ئەمانەش زۆر بەزیادیشەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبوو بە بناغە سەرەکییەکانی ئەو دۆکترینانەوە ( doctrines ) کە دژەهێرشیان دادەڕشت و ناوەڕۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمێریکیی بوو لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە wwll . هەروەکو دۆوگ ستۆکس ئاشکرای کرد. دۆکترینەکان ،لای کەم وەکو خۆیان دەمێننەوە جگە لە ئاڵوگۆڕی چەند پری تێکستێک بۆ جێگیرکردنیان ، هەروەکو دووبارە ستۆوکس ڕۆشنانیی خستە سەر وردەکارییەکانی .

کۆلۆمبیا چووە پلەی یەکەم لە وڵاتە وەرگرەکانی چەکی ئەمێریکایی ، پاش ئەوەی تورکیای خستە دواوە لەساڵی 1999 دا، کۆلۆمبیا بەتایبەتی و لەکاتی دیاریکرودا دەستی بەپەلامار دەکرد. ئەم ئاڵوگۆڕانە زۆر بەتیژیی تێ دەپەڕی بەبێ هیچ پێشینەیەک و ئاراستەیەکی دیاریکراو، بەتایبەت ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ناوەندی کۆڕێک لەو کەسانەوە کۆنترۆڵکرابوو کە پیشەیان خۆهەڵواسین بوو بە ئیلیتەکانی( هەڵبژاردە) ڕۆژئاواو سەرلەقاندن بۆ سەرکردەکانیان بەبێ هیچ پێشبینییەکی سیاسیی . لەم نێوەندەدا ڕێزی ئەو کۆمێنتارانە دەگیرا کە بەچاوی سەرسوڕمان و پیاداهەڵدان دەیانڕوانییە ئەو جیهانە نوێیە ئایدیالەی ڕووەو کۆتاییەکی نامرۆڤانە دەچەرخا. لەکاتێکدا فەیسی ( phase ) ی نۆبڵ دەهێنرایە گۆڕێ لەسیاسەتی دەرەوەدا بۆ کارکردن لەگەڵ قەدیسە نوورانییەکان ، کارکردی هەڵگەڕانەوەو ( altruism ) و هاوکاتیش پرەنسیپەکان و بەهاکان لەبەرچاودەگیران ، ئەمەش تێکشکاندنێکی خێرا بوو بۆبەهای مێژووی ڕابردوو کە بڕیار بوو ڕێگایەک بگرێتە بەر بۆ دروستکردنی نۆرمێکی نوێ لە بەیەکداچوونە مرۆییەکان. گەوهەری ئەم تاجەگوڵینەیەش ( the jewel in the diadem ) ، چەرخێکی نوێی کردەووە لەبەردەم مێژوودا ئەویش بە بۆمباردوومانی سربیا بوو لەساڵی 1999 دا ، ئەمەش تاوانی تەخشان و پەخشان کرد لە سربیاو وکۆسۆڤۆدا ، هەروەکو پێشبینی دەکرا بەرزبوونەوەیەکی ڕادیکاڵانە بەخۆیەوە ببینێ لە تاوانکردندا . ئەمانە هەر بۆ ئەو وڵاتانە نەبوو کە یارمەتیی سەربازییان لە ئەمێریکا وەردەگرت و هیچ سەرنج و تێڕوانینێکیشیان لەمەڕ کاردانەوەو بەرپەرچداندانەوە نەبوو بەرامبەر پیاوانی ڕۆژئاوا، بەڵکو بۆ تیمۆری ڕۆژهەڵاتیش بوو کە چەندین مانگ بوو کوشت و کوشتار درێژەی هەبوو لێی، لەکاتێکدا پاڵپشتیی ئەمێریکاو ئینگلستان بەردەوام بوو بە پێی سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان بۆ هەموو ئەو دڕندایەتییانەی لە کۆسۆڤۆدا دەکرا.

هەروەکو بەباشی دەزانرێ کە شەڕ لە دژی تلیاک ( درەگ – drug ) ، باشترین بیانووی دا بەدەستەوە سەبارەت بە یارمەتییە سەربازییەکان و هاوکارییە سەربازییەکان لە کۆلۆمبیادا، بەهەمان شێوە لە

پاکانەکردنیشدا، ئەمێریکا جاش و بەکرێگیراوەکانی ( mercenaries ) مەشق پێ دەکرد لە کۆمپانیا بازرگانییەکانی خۆیدا و ژەنراڵە سەربازییەکانی پێشووی ( ex ) دادەمەزراندەوە . ئەمانە کاریان پاککردنەوە بوو بە هەڵم ( fumigation ) ،ئەم ئۆپەراسیۆنە بەمانای شەڕی کیمیایی لە دژی "دانەوێڵە و پاتاڵ و ڕامالینی جووتیاران لەشوێنە خاپوورکراوەکانیانەوە" دێت . هاوزەمان نرخی درەگ لە سەرشەقامەکان لە ئەمێریکادا هیچ بەرزنەبووەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کارگوزار نەبووە لەسەر بەرهەمهێنانی درەگ . ژمارەی زیندانیانی درەگ لە ئەمێریکادا بەرزترین ئاستی خۆی تۆمارکرد لە دنیادا،زۆر لەپێش تەواوی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانەوە. بەم شێوەیە لەدرێژماوەدا لە ئەمێریکا ئەوە ڕوون بووەوە، کە شەڕی درەگ بە پەروەردەو فێرکردن دەکرێ ، کەمتر بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە زیاتر بۆ ئەمێریکا بەدەردی دەخوارد ، نەک بۆ کۆلۆمبیا، سەرەڕای ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دژە هێرشەکان و پەلامارەکان لەچەشنی شەڕی کیمیایی بۆ وێرانکردنی کێڵگەکانی درەگ ، زۆر دراماتیکیانە بودجەیەکی سەیری بۆ تەرخانکرابوو، بێ گوومان سەرباری ئەوەش هێشتا ئاکامی پێچەوانەی دەدا بەدەستەوە لە کارتێکردنی لەسەر ئاستی دابەزاندنی درەگ ، بەم شێوەیە شەڕی کیمیایی نەک ئامانجەکانی نەپێکا، بەڵکۆ تووشی بنبەستیش بوو.

ئەو ڕاستیانەی کە ئەستەمە لەبیربکرێن بەڕۆشنیی کۆمەڵێ پرسیاریش دەوروژێنن . یەکێک لە ئەکادیمییە پێشکەوتووەکان لەسەر هەلومەرجی کۆلۆمبیا چارلس بێرگکویست بوو ، ئەوەی دیاریکرد ، کەیسی سەرنجڕاکێش لەسەر کۆلۆمبیا کاتێ دەبێ ،سیاسەتی درەگیی ئەمێریکا هاوشانی ئەوە کاربکات و جێ پەنجەی دیار بێت کە کۆنترۆڵی ئیتنییانەی بەرچاو و بێبەشکردن و نانبڕینی خەڵک و لە ماڵ خزاندنیان و خزمەتکردنی ئابووریی ئەمێریکاو لەبەرچاوگرتنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمێریکا یەکبگرنەوە . زۆربەی تاوانزانەکان ( criminologists ) و شیکەرەوانی کاروباری نێونەتەوەیی ئەمانە بە ڕاگەیاندنێکی بایەخدار وەردەگرن. بڕواکردن بە ڕاگەیاندنی ئەو دۆکترینەی بڕیار بوو ئەوە بسەلمێنی هێشتا سەختە ، لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان ئەمێریکاو پەنابردن بۆ وێرانکاریی و توندوتیژیی لەدرەگدا ، بۆ شەڕی جیهانی دوو دەگەڕێتەوە. ئەمانە بە تێروتەسەلی و دوورو درێژیی دۆکیۆمێنت کراون لەلایەن ئەلفرێد ماککۆی ،پیتەر دەیل سکۆت و چەندین کەسانی تر، ڕێکورەوان ناوەڕۆکی ئەمانە لە ئەفگانستان هەر ئێستا دووبارە دەبێتەوە. سکۆت ئەوەشی ئاشکراکرد لەزۆر کەیسی دەخالەتکردن و وێرانکاریدا لەلایەن ئەمێریکاوە کە بەڕێوە چووە، کەچیی هێشتا بەشێوەیەکی دراماتیکیانە لەدنیادا قاچاغچیی درەگ گەشەی کردووە،لەم نێوەندەشدا بەکارهێنانی درەگ لەناوخۆی ئەمریکاشدا ڕوو لەهەڵکشان بووە، هاوکاتیش ژیان لەکامپەکانی کۆلۆمبیاو خەڵکە ڕەچەڵەکەکەی ئەو ناوچانەو ئەفرۆ کۆلۆمبیاییەکان ( Afro-Colombians ….African-Colombians ) بەتەواوی تێک درا بە بڕوبیانووی ئەوەی گوایە بۆ بنبڕکردنی درەگ و بەکارهێنانەکانی پەنا بۆ هەموو ئەو تاوانانە دەبرێ.

بۆ پاکانەش ، چاندنی مادده بێهۆشکەرەکان و بەرهەم هێنانی و ڕێگاگرتن لە درەگ ئاودیوکردن بۆ وڵاتانی تر لەلایەن ئەمێریکا و ئینگلستانەوە وەکو کارێکی ئیبداع بەرەنگاری بوونەتەوەو گەورەترین کاری بۆکراوە لەمێژووی جیهاندا . هاوزەمان هەستێکی ترسناک لەلایەن چاینە (China –چین ) و

هیندستانەوە دروست بووە ، زۆر هەوڵدراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی درەگ و دەستگرتن بەسەر مۆنۆپۆلکردن و ڕەنێۆهێنانی ئافیوندا.

دەقە فەرمییەکان ڕووبەڕووی بەڵگەنامەگەلێکی تەواو پێچەوانە دەبنەوە ، ئەمانە پشتیان بە دۆکیومێنتی سەلمێنراو نەبەستووە( زیاتر لە قسەی سەرپێیی سەرکردەکان و ئەو سەرچاوانە دەچێت کە پشتڕاست نەکراونەتەوە ) .بڕیاڕ وایە کە هیچ دۆکترینێکی تر بەهەند وەرنەگرین ئەگەر فەرمی و دۆکیۆمینتکراو نەبێ. دەبووایە ئامانجی ئەمێریکا و دژە هێرشەکانی لەکۆلۆمبیادا ، لەوانەش شەڕی کیمیاویی و تەفروتووناکردنی کۆمەڵی جووتیاریی بۆ بنەبڕکردنی درەگ. ئەگەر تەنها هەر بۆ خاترجەمی ئارگیومێنت و بیانووەکانیش بێت . با بۆساتێک ئەوە بخەینە لاوە کە هێرشە کاولکارییەکانی ئەمێریکا بۆسەر درەگ ڕێژەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی درەگی زیاد کردووە، ئەوا بەم گریمانە نیازپاکەش بێت هێشتا ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمێریکا لەکۆلۆمبیادا سکاندالێکی زۆر بەپاشەڵییەوەیە. ئەمەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە زیاتر، ڕاستییەک لەبەرچاودەگیردرێ نەک قسەوباس ، ئەویش ئەوەیە، ڕێژەی ئەوانەی دەمرن بەهۆی تووتنەوە ( Tobacco ) زۆر لەوە تێپەڕ دەکات کە بەهۆی هەموو جۆرەکانی درەگەوە دەمرن. لەوەش واوەتر درەگ هەرچەند تووند بێت ، زیانی بۆ بەکارهێنەرەکەی هەیە، لەکاتێکدا تووتن زیانی بۆ کەسانی تر هەیە، بەڵام هێشتاش بەئەندازەی خواردنەوە ئەلکهوولییەکان نا،چونکە ئەلکهوول ڕاستەوخۆ تێوەدەگلێ لە کوشتنی کەسانی تر یان دەبێتە هۆی کوشتنیان وەکو ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل و توندوتیژیی لە ناو کۆمەڵدا .....هتد ) . زۆر بەزەقی ئەوە دەردەکەوێ، مردن لەئەنجامی کێشانی هەڕەمەکییانەی مادده سڕکەرەکانەوە زۆر زیاترە لەوەی کە درەگی قوورس هەیەتی، بۆ نموونە نەرمە درەگ لەچەشنی مەرووانە ( Marijuana ) زۆر کاریگەرە. لەکاتێکدا گومان هەیە کە کۆفی ( قاوە) و گۆشتی سوور ( گۆشتی ڕەشەوڵاخ ) ...هتد تا ئێستا نەزانراوە بەوردیی ،چەندێک کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی مردنەکان هەیە .

لە درێژەی ئەمانەدا ، لەکاتێکدا کارتێلە* کۆلۆمبیاییەکان ڕێگەیان پێ نادرێ لە سەر بۆردی ڕیکلامەکان لەگۆڕەپانی تایمز لە نیویۆرک ڕیکلامەکانیان دابنێن ، یان ڕیکلام لەسەر تەلەفزیۆن بکەن بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی مناڵان و کەسانی لەرزۆک و کەم متمانە دووچاریی بەکارهێنانی کۆکایین و هێرۆیین بن. بەڵام ئەم ڕێگریانە نییە لەبەردەم ڕیکلامی کوشندەترین بەرهەمەکانی تووتندا. لە ڕاستیدا زۆر وڵات هەڕەشەیان لێکراوە بە دانانی ئابلۆقەی بازرگانیی ئەگەر بێت و لەچوارچێوەی یاساکانی بارزگانیی ئازاد دەرچن ،بەم پێودانگە سیاسییانە بێت ئەگەر ئەمێریکا مافی ئەوەی هەبێت کە چەکی کیمیاویی بەکار بهێنێت دژی جووتیارە هەژارەکانی کۆلۆمبیا ، ئەوسا کۆلۆمبیا و چاینە ( چین) و زۆر وڵاتی تری دنیاش، بە دڵنیاییەوە مافی ئەوەیان هەیە هەمان چەکی کیمیاویی بەکاربەرن دژی بازرگانی کشتوکاڵیی و بەرهەمەکانیی لە باکووری کارۆلاینا و کەنتووکی . ئەمەش پێ ناچێ تەوسی بوێ !.

کۆلۆمبیا مێژووی دەشێواند ، لەزۆر شوێندا سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکان و هەلی کارکردن تیایاندا بەتەواوی مۆنۆپۆل کرابوو لەلایەن کەسانێکی زۆر کەمی خاوەن ئیمتیازەوە ، هەندێکیان هەر زۆر دڕندەو دەست سوور بوون بەخوێنی خەڵک، لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەئەوپەڕی داماویی و هەژاریدا، دەگوزەران و سەرکوتیش دەکران. مێژووی پڕ لەتراژیدیای کۆلۆمبیا تا دەهات لاپەڕەی نوێی هەڵدەدایەوە لە دڕندایەتیدا. لەساڵی 1960 دا کاتێ خۆتێهەڵقورتاندنی ئەمێریکا زیاتر جێکەوتە دەبوو ، فاکتەرەکانیش زیاتر ڕۆشن دەبوونەوەو شتە پەراکەندەکان زیاتر زەق دەبوونەوە، بۆ نموونە کاتێک تیۆدۆر ڕۆزفێڵت زۆر شتی دزی لە کۆلۆمبیا بۆ کەناڵ دروستکردن، ئەمە زۆر بەنرخەوە سەیردەکراو قازانجێکی ستراتیژیشیی هەبوو بۆ ئابووریی ئەمێریکا. لە ساڵی 1962 دا جۆن کێنەدیش ئەو تیم و تاسکانەی گۆڕیی لە سوپای ئەمێریکادا کە بە ( بەرگریی نیوەی مێشک ) ناوزەد کراوە و لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە مابوونەوە، وەکو نیازپاکییەک ( euphemism ) بۆ بەگژداچوونەوەی کاروباریی ناوخۆی ئەمێریکا.

لێرەوە جێ پەنجەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بەتەواوی بەدەرکەوت لە ئەمێریکای لاتیندا، یەکێک لە ئەنجامگیرییەکانی لە کۆلۆمبیادا ئەوە بوو کە بازرگانەکان دەستیان کراوەتر بوو، لەسەر داوای ئەمێریکییەکانیش دووبارە لەڕووی سەربازییەوە دەستیان کردەوە بە تێرۆرکردن دژی پێشنیازی کۆمۆنیستەکان، ئەم ئاڵوگۆڕانە ئاماژەی پێ کرا لەلایەن دیپلۆماتکاری تایبەت ئەلفرێدۆ ڤازکوز کاریزۆسا ،سەرۆکی (کۆمیتەی بەردەوامی مافی مرۆڤ – کۆلۆمبیا ) ەوە . لەپشت تاوانەکانیشەوە هەوڵدەدرا بەیاسایی و دەزگایی بکرێنەوە ، ئەو نووسیویەتی " دەبڵ ستراکتۆری کەمینەیەکی سەرکەوتوو لەلایەک و هەژارکردن و دەست تەنگ کردنەوەیان لەلایەکی ترەوە ، هەلاواردنی زۆرینە ، دانانی مکۆمترین پلانی جیاوازیی لە سامان و دارایی و داهاتدا ، دەستراگەیشتن بە بەشداریی سیاسیی لەکۆمەڵدا ". کێنێدیش ڕەنگی ئەو سەرەتایانەی ڕشت کە دەبێتە هۆی " تێکەوڵێکەبوون وتەشەنەسەندی توندوتیژیی لەلایەن فاکتەرە دەرەکییەکانەوە". لە کاتێکدا واشینگتۆن قورساییەکی زۆر و ئازارێکی توندی پێ دەگەیشت بۆ گەیاندنی کۆمەکە سەربازییە ڕێکوپێکەکان بە کۆماندۆزی دژە هێرشبەران .

قایلبوون بە ستراتیژیی نوێ بۆ مردنی بەکۆمەڵ ، بڕیارێک کە هاوپێچکرا لەگەڵیدا لەئەمێریکای لاتیندا بە دۆکترینی ئاسایشیی نەتەوەیی ناسراوە. ئەمە بەرگریی نەبوو لە دژی دوژمنە دەرەکییەکانی ئەمێریکا ، بەڵکو دامەزراندی یەکەی سەربازیی بوو هەتا ڕۆڵی پاترۆڵ و ماستەر ببینێ لەوازییەکەدا و مافی ئەوەشی بداتێ کە شەڕ لەدژی دوژمنە ناوخۆییەکاندا بکات، هەروەکو لە دۆکترینی چوارەمی بەرارزیلدا هاتووە،هەروەها دۆکترینی ئارجەنتینا و یۆرۆگوای و کۆلۆمبیاش دەگرێتەوە. کارێکی گونجاو و مافێکی سروشتییە جەنگ و لەڕەگوڕیشەوە هەڵکێشانی کرێکارانی بواری کۆمەڵایەتیی،سەندیکای بازرگانیی،هەموو ئەو ژن و پیاوانەی کەلەگەڵماندا نین و یان بەکۆمۆنیست ناسراون ، ئەوانەش کە بەرنامەی دژە هێرشبەرەکان خستوویانەتییە لیستی ڕەشی خۆیەوە وەکو ئەوانەی لەبواری مافی مرۆڤدا چالاکن، ئەو قەشانەی کە جووتیارەکانیان ڕێک دەخست ، ڕابەرە کرێکارییەکان.... و هەموو ئەوانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئادرەسی ( دەبڵ ستراکتۆرەوە ) . بەمەش گەورەترین قوربانیی بەکۆمەڵ دەدرا ئەگەر لەخۆیان ڕاببینییانە دەستی ناڕەزایەتییان بەرزبکەنەوە.

ئەم سیاستە بەدڵنیاییەوە شتێکی نوێ نەبوو، تۆقێنەرترین نموونە بۆ پیشاندانی ئەو سیاسەتە گواتیمالا بوو،تەنانەت لەئەمێریکای لاتینیش دابڕێنرابوو، لەزۆر ڕووەوە کۆتایی شەڕە دژە هێرشەکان وەکو گواتیمالای جنگ بەخوێن وا بوو، بۆ نموونە لە گریس ( یۆنان ) سەدوپەنجا هەزار 150000 کوژراوی لێ کەوتەوە، لە کۆریای باشوور ژمارەی قوربانییان گەیشتە سەد هەزار 100000 سەر . ئیدارەی ئێیسنهاوەر حکومەتی پارلەمانی ئێرانی ڕووخاندو حکومەتی دڕندەی شای دانایەوە لەجێگەی ، بۆئەوەی نەکا ئێران بیر لەوە بکاتەوە کە دەست بەسەر کانە سروشتییەکانیدا بگرێ و خۆماڵیی بکات . لەساڵی 1958یشدا ، دەستی کرد بە دڵڕەقانەترین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی نهێنی ( clandestine ) لەدوای جەنگی دووەمەوە بۆ سەرەوژێرکردنی حکومەتی پارلەمانی لە ئیندۆنیزیا ، حکومەتێکی بەناو دیموکراسی دڕندە شوێنی گرتەوە ، بۆ ئەوەی دەست بەسەر تەواوی سامانەکانی ئەو دوورگانەدا بگیردرێ ، دواتر لەساڵی 1960 هەندێک گۆڕانی چۆنایەتی ( qualitative ) تێدا کرا.

لە ئەمێریکای لاتین ، ئیدارەی کێنەدی نەخشەی کودەتای سەربازیی لە برازیل کێشا بەماوەیەکی کورت دوای تێرۆرکردنی کێنەدی جێبەجێکرا. لەم ئاقارەشەوە دەستبەجێ دامەزراندنی ئاسایشیی نەتەوەیی وڵات ڕاگەیاندرا، دواتریش سکەیڵی پانوپۆڕ لە ئەشکەنجە،ڕووخان و وێرانکردن بەرنامەڕێژ کرا بە ناوی دیموکراسییەوە، ئەم هەموو سەرکوتە چڕوپڕە زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکرا لە واشینگتۆنەوەو بە یاخیبوونێکی دیموکراتییانە لەقەڵەم دەدراو بەسەرکەوتنێکی مەزنیش بۆ بازاڕی ئازاد و دنیای ئازاد بەئەژمارد دەهات. ئەمەش بەربەستی ئەوەی کرد بەیەکجاری ڕۆژئاوا بیدۆڕێنیت لە کۆمارەکانی باشووری ئەمێریکای لاتیندا. چونکە کەشێکی سیاسیی باشی گونجاند بۆ سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت. ئەم شۆڕشە دیموکراتییە لەلایەن ژەنراڵێکی نیۆنازییەوە لەئەستۆگیرا. باڵوێزی کێنەدی لینکۆڵن گۆردن وتی " تاقانەترین و شێتگیرانەترین سەرکەوتنە بۆ سەربەستیی لە ناوەڕاستی چەرخی بیستدا. هەروەها گوتی " یەکێکە لە سەرەکیترین خاڵی وەرچەخانەکان لە مێژووی جیهاندا". پاشتر بەماوەیەکی کورت ژەنراڵ سۆهارتۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی گرفتەکانی ئیندۆنیزیا کودەتایەکی سەربازیی بەئەنجام گەیاند. زۆر ملهوڕانە قەسابخانەی چێدەکرد. زە نیویۆرک تایمز باسی سۆهارتۆی بەم شێویە دەکرد لەزمانی کۆمێنتارە لیبراڵەکەیەوە جەیمس ڕێستۆن بەوشەکاریی خۆی " ترووسکاییەک لە ئاسیادا". وەکو دەزانین ژمارەی کوژراوەکانی ئیندۆنیزیا پتر لەنیو میلیۆن قوربانییە، بۆی هەیە زۆر لەوەش زیاتر بێت ، کوژراوەکان زۆربەیان لە جووتیارە بێ زەوی و زارەکان بوون.

ئەم ئاژاوەو شەڕوپێکدادانە ، گرفتی زۆری بۆ ئیدارەی ئیسنهاوەر دروستکرد، هەڕەشەکردن لە سیستەمی بەناو دیموکراسیی ، کارێکی وایکرد، کە سۆهارتۆ هێرشێکی بەربڵاو و دڕندانە بکاتە سەر دیموکراسییەکەی ڕۆژئاواو پارتی کۆمۆنیستی ئیندۆنیزیا تەفروتونا بکات . سەرەڕای ناوی ئەم حیزبە بەناوی کۆمۆنیستەوە بوو، بەڵام چونکە داکۆکی لەهەژاران و جووتیاران دەکرد زۆرترین پایەی کۆمەڵایەتیی هەبوو لەناو خەڵکی گشتیی وڵاتدا. پسپۆری پەیوەندییەکانی نێوان ئوسترالیا و ئیندۆنیزیا هارۆڵد کرۆوچ ئاوا باسی دەکرد " پەرەسەندنی بەربڵاوی ڕێکخستنە سیاسییەکانیان لەناو ڕیزی جووتیاراندا دەگەڕایەوە بۆ چالاکییەکانیان لە ڕاستای بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی

هەژاران ". بۆیە شادمانیی ڕۆژئاوا سنگەوبەرد نرا بە سۆهارتۆ ،لەکاتێکیشدا ڕیکۆردی سۆهارتۆ لە ئاست مافی مرۆڤدا خراپترین ڕیکۆرد بوو لە کۆتایی بیستەکاندا. هەروەها پەلاماردان و داگیرکردنی تیمۆری ڕۆژهەلات و ئەفراندنی چەندین قەسابخانەو جینۆساید بە پالپشتی ڕاستەوخۆو دەست لەپشتدانی ئەمێریکا و ئینگلستان ، بەشوێنێک گەیشت کە چیتر سۆهارتۆ نەتوانێت ملهوڕییەکانی درێژە بدات ، بۆیە کۆتاییەکەی بەسترایەوە بە ڕووداوە خوێناوییەکانی سالی 1999 ەوە . ترووسکایی ئیندۆنیزیا بەم شێوەیە بەرکەنارخراو پایەیەک لەپایەکانی دەولەتە بێ لایەنەکان ڕما . لە شوێنێکی تری جیهاندا پایەیەکی تر کەوتە کەنارەوە ، بەلام ئەمجارە بە تێکشکاندنی سوپای ناسریی لە سالی 1967 لە لایەن ئیسرائیلەوە ، ئەمەش پەیوەندەی ئەمێریکاو ئیسرائیلی ئەوەندەی تر مکۆمتر کرد.

لەئەمێریکای لاتیندا کودەتاکەی برازیل کۆنترۆلی زۆر شتی کردبوو، لێرەشەوە دۆکترینی ئاساییشیی نەتەوەیی بلاوبووەوە بە هەموو کیشوەرەکەدا ، بەپلەی جۆراوجۆریش ئەمێریکاش سەرەتاتکێی تیادا دەکرد، بەلام زۆر شێتگیرانەو بە بێ دوودلیی یارمەتی کودەتاکەی دەدا. ئەنجامەکان تا دەهات قۆڕتر دەبوو، یانزەی سێپتەمبەری یەکەم لە شیلی (11 سێپتامبەری 1973 ) ، هێزەکانی ژەنرال پینۆشێ هەلیانکوتایە سەر پالاسی سەرۆکایەتی پاش بۆمباردوومانێکی خەست، کۆنترین و لەرزۆکترین دیموکراسیی ئەمێریکای لاتینی ڕووخاند. ڕژێمێکی لەئاگرو ئاسن و ئەشکەنجەو سەرکوتکاریی دامەزراند بەیارمەتی پۆلیسی نهێنیی DINA ،سەرچاوە هەوالگریی و سەربازییەکانی ئەمێریکا بە KGB و گێستاپۆیان** دەشوبهاند. لەم نێوەندەدا واشینگتۆن زۆر بە توندی پشتیوانیی ئەم ڕژێمەی دەکرد. سەرەتاییترین ژمارەی فەرمیی لەقوربانییەکانی یانزەی سێپتەمبەر خۆی دەدا لە 3200 کەس. کە هەمووی بەسەریەکەوە بەپێی هەوالنێرە ئەمێریکییەکان خۆی دەگەیاندە نزیکەی پەنجا هەزار 50000 ، بێ گومان ئامارە وردەکان زۆر لەوە هەلکشاوترن. دینای DINA پینۆشێ زوو دەستیکرد بە خۆتێهەلقورتان لە کاروباری ولاتانی دەوروبەرو بەشداریکردنی لە پرۆگرامی تێرۆریزمی نێونەتەوەییدا بەناوی ( ئۆپەراسیۆنی کۆندۆر- operation Condor ) کە کاری کوشتن و ئەتککردنی خەلک بوو زۆر بێ بەزەییانە لە ولاتەکەی خۆی و تەنانەت نەیارانیان لە ئەوروپاو ئەمێریکاش ، ئەم ئەهریمەنە بلیمەتە ، زۆر ڕێزی لێ دەگیرا بەتایبەتی لەلایەن ڕێگان و تاتشەرەوە. تێرۆرکردنی دیپلۆماتکارێکی پایەبەرز لە واشینگتۆن ، لەسنووری خۆی تێی پەڕاند، دزێوترین دڕندایەتییەکانیش لە ئارجێنتینادا دەکرا، بەدرێژایی سالانی هەشتاکان تێرۆر هەناردە دەکرایە دەرەوە بۆ ناوەڕاستی ئەمێریکا ، سەدان هەزار لاشەی بەجێماو و چوار ولاتی وێرانکراوی لێکەوتەوە. جگە لە سەرزەنشتکردنی ئەمێریکا لەلایەن دادگای نێودەولەتییەوە بە ناوی " بەکارهێنانی هێزی نایاسایی " ئاماژە بوو بۆ تێرۆریزمی نێودەولەتیی ) ، دیارە ئەمەش پالپشتکرا ، بە دوو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاساییشەوە ( بەلام بەڤیتۆوە ) . پاش ئەوەی واشینگتۆنیش دەستی بەتێرۆرە زیاتر گرت و گەیاندییە لووتکە ، ئازارستانەکانی کۆلۆمبیاش وێنای دوورترین سنووری تێرۆریان دەکێشا.

ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمێریکا دژی تێرۆر لە ئەمێریکای ناوەڕاستدا هاوکات بوو لەگەل تەشەنەکردنی بازرگانیی درەگدا، سەرەکیترین پێداویستیی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی. کە لەسەر توخمەکانی تاوان و بازرگانیی تلیاک ڕاوەستابوو. دەست تێکەلاوکردنەکانی ئەمێریکاو ئیسلامییە ڕادیکالەکانی

ئەفگانستان و هەواڵگریی پاکستان و چەندین هاوپەیمانیی تر ، بووە هۆی هەرچیی زیاتر گەشەکردنی ئەم بازرگانییەو قاچاغچێتیی کردن پێیەوە. ئەمەش بەخولیایەکی کوشندەوە لە ناوچەکەدا بڵاوبووەوە. پرۆسیس بوونی ئەم سیاسەتەی ئەمێریکا شانبەشانی جەنگ دژی تێرۆر دەڕوات لەناوخۆی ئەمێریکا و لە کۆلۆمبیاش . ڕەنێوهێنانی درەگ و دابەشکردنەوەی لە ئەفگانستان و کۆسۆڤۆدا زۆر دراماتیکیانە زیادیکردووە، هەرچەندە بەشێوەی کلاسیک دەچێنرێ و بەرهەم دەهێنرێ. لەکاتێکیشدا جووتیارانی کۆلۆمبیا زۆریان چەشت بەدەست چەکی کیمیاویی و هێرشە سەربازییەکانەوە، لەوێشەوە ڕاپێچی گەڕەکە هەژار نشینەکانی شارەکان دەکران.لەکاتێکدا بە سەختیی دەیانتوانی خۆیان بگوزەرێنن لەگەڵ کاتاسترۆفی ملیۆنەها کەس لە کامپی پەناهەندەکاندا . لە ئەمێریکاش درەگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە بە بێ هیچ ئاڵوگۆڕێک، ئەو پێوانانەی کە دەیزانین بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ درەگدا ،ئەوەیە کە باری کۆمەڵایەتییان بزانرێ چۆنن ، هەروەکو هەندێ کریمینۆلۆجیست وەسفی ئەوە دەکەن کە چۆن قوربانییەکان لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی قەراغ شارەوە دەچن بۆ زیندانە ڕاخراوەکانی گەڕەکە پیشەسازییەکان .

کوشتنی بەکۆمەڵ و سزاو ئەشکەنجەکانی لە ئەمێریکای لاتیندا و لەژێر ناوی ئاساییشیی نەتەوەیی وڵاتاندا ، ئێستا تووشی ڕووبەڕووبوونەوە بووە لەگەڵ زۆر پرسیاردا کە تاوانیان تیا ئەنجامدراوە. هەندێکیان ئێستا لە زیندانەوە ڕووبەڕووی یاسا و دادپەروەریی دەبنەوە. بەڵام بەپێی ستانداردی ڕۆژئاوایی شتێکی ئەوتۆی گونجاو نەکراوە بۆ بەسزاگەیاندنی ئەو هەموو تاوانبارانەی جەنگ. لەکاتێکیشدا زۆربەیان تا ئێستاش ئازادن و خۆیان دوورگرتووە لە دادو یاسا. لەیەکێک لەلێکۆڵینەوە سەرەکییەکاندا لەسەر ئۆپەراسیۆنی کوندۆر کراوە، ژۆرناڵیست و شیکەرەوە جۆن دینگەس دەریخست کە تەنها لەئەمێریکا بێ دەنگیی لە تاوانەکانی ساڵانی کۆندۆر کراوەو دیپلۆماتەکان و هەواڵگرییەکان وکەسانی پایەبەرزی سەربازیی شاردراونەتەوە و قسەیەکیان لەسەرناکرێ ، لە کاتێکدا لە بەشی هەواڵگریی و سەربازیی و ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنی ناوەندیدا بەرچاوترین ڕۆڵیان هەبووە لە ئۆپەراسیۆنی کۆندۆدا، ئەو زیاتر لەسەری بەردەوام دەبێ و دەڵێ " شوێنکەوتنی ئەو جۆرە کارانە لەلایەن خۆیەوە پێشوەخت ، ئەمنستیان بۆدەرکراوەو کێشەکانیان دیزەبەدەرخۆنەکراوە ، تەنانەت بە شێوەیەک کراوە هاوپەیمانەکانی ئەمێریکای لاتینیش بەوە ڕازی نییە. ماوەتەوە بڵێین گەورەترین تاوانی جەنگ لەلایەن ئەمنستییەکەوە پەردەپۆشکراوە کە ئەمێریکا ڕەوایەتی پێداوە.

دەسەڵات و هێزی دەوڵەت بەشێوەیەکی تیپیکاڵ ( نموونەیی ) ڕێگر بوونە لە لێپرسینەوە لەو هەموو تاوانبارەی جەنگ، تەنانەن کارێکی وادەکەن کە بیریشیان لێ نەکرێتەوە ، ئەمەش وا دەکات کە تەنها هاوڵاتی ئەو وڵاتانەی کە تاوانباری جەنگیان هەیە ، خۆبەخۆ بکەونە وێزەی تاوانباران و بەدادگایان بگەیەنن. هەروەکو ستۆکس دەریدەخات لە وردەکارییەکانیدا " سیاسەتی ئەمێریکا سوورە لەسەر ئەو دەق و تاکتیکانەی کە دەبێ لاببرێ وەکو هەر پێشمەرجێ بۆ دادگاییکردنی تاوانباران. دیپلۆماتکاری مێژوویی گێراڵد هاینس ( هەروەها گەورەبەرپرسێکی مێژوویی CIA بوو ) لە پێشەکی لێکۆڵینەوەکانیدا لەژێر چەمکی ( بەئەمێریکاکردنی برازیل ) . ئاوا دەڵێ " بەدوای جەنگی دووەمی

جیهانیدا ئەمێریکا وای دادەنا ، بەدەر لە قازانجی خۆیی ( قازانجی ئەمێریکا ) ، بەرپرسیارییەتی خۆشگوزەرانیی لە سیستەمی جیهانی سەرمایەداریدا پێویستییەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانیی ،ئەم خۆشگوزەرانییە ، خۆشگوزەرانی سیستەمی سەرمایە دەگرێتەوە نەک خەڵکان و دانیشتووانی وڵاتەکانیی.... دوژمن کۆمۆنیزم بوو ئەم هۆیەش کە دیاریکرابوو لەلایەن کۆمەڵێ کەسی بەتواناوە لە دامەزراوەە گرووپی ودرۆو ویلسۆن و کۆمەڵەی نەخشەدانانی نەتەوەیی بە گشتی قسەی لێکرا لەساڵی 1995 دا و لە لێکۆڵینەوەیەک لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەڵێ ئابووریی سیاسیی ئەمێریکا و سیاسەتی دەرەوەی ئەمێریکا لەوانەن زوو دەکەونە بەر هێرشی کۆمۆنیزمەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوەش لەخۆدەگرێ بێنەوبەردەی ئابووریانە لەوڵاتانی کۆمۆنیست ناتوانێ بەرەنگاری بازاڕی وڵاتە پیشەسازییەکان ببێتەوە ، ئەمەش هەواوهەوەس و ئارەزووی سیاسیی وڵاتانی کۆمۆنیست بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان ژیان و بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا کاڵتر دەکاتەوە . بەم شێوەیە ئەوە ڕاست دەردەچێ بۆ کۆمەڵگا تازە گەشەکردووەکان کە دەبینین ئەم ستەمە چەند خراپە ، لەکاتێکدا خۆیان بەدەستییەوە دەناڵێنن. لەم بارودۆخەدا وەکو ڤایرۆسیان لێ دێت و کەسانی تر ئالوودە دەکەن، سێوێکی ڕزیو ، کاردەکاتە سەر بارێک سێو بەپێی شیکردنەوەی تێرمینۆلۆجییەکان.

خودی جەنگی سارد هەمان کاراکتەری بەجێهێشت ، لەژیانی هەموو کەس دەگیرێتەوە ،بۆ ڕاگرتنی تای تەرازووی شەڕەکە، ئەمەش بە فەرمیی ناسرا لەلایەن سکۆلارەکانەوە، هەروەکو جۆن لویس گادیس دانرا بە ڕاگری ئەو خوێندکارانەی کە کورسیی خوێندنیان بۆ تەرخانکرابوو لەسەر جەنگی سارد، کە ڕەسمی ئەو بیروبۆچوونانە دەکێشێ لەسەر جەنگی سارد لە 1917 ەوە. بەتایبەت کاتێک ڕووسیا ئەو پەیوەندییەی شکاند و بەرەو کۆرسی سەربەخۆیی تەواو دەڕۆیشت کە پێشتر بەشێوەیەکی نیمچە کۆلۆنیی بە ڕۆژئاواوە بەسترابووەوە.بناغەی جومگە فەندەمێنتالییەکانی گادیس ، پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە کە ڕژێمی بۆلشەویک فۆرمێکی سەرکوتکەرانە بێت، لێرەشەوە خۆتێهەڵقورتان لە کاروباری ڕۆژئاوا بۆ بەرگریکردن بوو لە ڕووسیا . لە سەردەمی سۆڤیەتیشدا زۆر بەقووڵیی و ماتیی دەیانویست بگەنە هەموو کونجێک و خۆیانی تێ هەڵقورتێن ، نەک هەر بۆ ڕۆژئاوا، بەڵکو بۆ هەموو دنیا ، لەژێر ناوی هاندانی شۆڕشدا ، ئەمانەش خۆی لەخۆیدا خزمەتی بە سەرمایەداریی دەکرد و ، ژیانی کۆمەڵایەتی ڕووسیای گۆڕیی بۆ خولیای دەست گەیشتن بە هەر شوێنێک ، تا کار گەیشت بەوەی ئیلیتێک هەمیشە خەریکی دەستدرێژیی بوون لەژێر پەرچەمی بەرگریکردندا .

ودرۆو ویلسن و لۆید جۆرج ئەوەیان ناساند ،کە هەڕەشەی ڕووسیا بۆی هەیە گەشە بکات و ببێت بە ڤایرۆسێکی ڕاستەقینە ، نەک هەر بۆ وڵاتانی کۆلۆنیکراو، بەڵکو بۆ سەرجەم وڵاتانی پیشەسازیی. ئەم مەترسییە بە زیندوویی مایەوە تا ساڵی 1960 ، ئێمە لە ڕێکۆردە ناوخۆییەکانەوە دەزانین ، ئەم پێچ و پەناو خۆتێهەڵقورتانانە دووبارەو دەبارە دەبێتەوە. کێنەدی جۆنسۆن نەخشەدارێژەری پایە بەرز ، هۆشداریی ئەوەی دا مانەوەی هەرچی زۆرتری ڕژێمەکەی کاسترۆ سنگ دەرکێشانێکی سەرکەوتووانەی کوبایە دژی سیاسەتەکانی ئەمێریکا. ، بەگەڕانەوەش بۆ دۆکترینەکەی مۆنرۆ کە دەڵێ ( تێرۆری سەرزەویی ) دەبێ بەکوبایا بگوزەرێ .بە قەرزکردنی ڕستەکانی مێژوونووس و باوەڕپێکراوی کێنەدی ( ئارسەر سکلێزینگەر ) کە باسی ئاوا دەکات ، سەرەکیترین ئامانج بۆ ڕۆبەرت

**کێنەدی کە پێشتر ئیمزای کردبوو بەرپرسیارییەتی ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆر لەئەستۆ بگرێ . کۆلۆمبیا دووبارە کەوتووەتەوە ناو نموونەگەلێکی ترەوە کە تۆقاندن و ڕاوەدوونان ، کاکڵەی ئەو هەلومەرجە دژوارو تایبەتەیە کە وەسف ناکرێ.**

*